# کێشەی زمانی رەسمیی کوردی

ئەمیر حەسەنپوور

**(بەشی یەکەم)**

## ١- دارشتنی باسەکە.

کوردی، وه ک زۆربه ی زمانه زیندووه کانی دنیا، زمانێکی فره له هجه یه و هه ر له هجه ش به چه ند بن-له هجه ی ره نگاوڕه نگ رازاوه ته وه. پێنج سه ده له مه وپێش، شه ره فنامه، له ناخی کۆمه ڵگه ی ده ره به گی کوردستان و له جه نگه ی ده سه ڵاتی ئه ماره ته کان دا، نووسی: "گایفه اکراد چهار قسم است و زبان و آداب ایشان مغایر یکدیگر است (اول) کرمانج (دویم) لر(سیم) کلهر (چهارم) گوران"، واته "تایفه ی کوردان چوار به شن و زمان و داب و ده ستووریان لێک جیاوازه ...".

له کۆمه ڵگه ی ده ره به گی دا، که زۆربه ی خه ڵک به سترابوونه وه به زه وی و له لادێ کشت و کاڵیان ده کرد و به شێوه ی زاره کی ده دوان، فره له هجه یێتی باری باوی ژیانی شار و گوند بوو. شه ره فخان، حاکمی ئه ماره تی بدلیس، له سه ره تای شه ره فنامه دا باسی ناکۆکی کوردان ده کا و ده ڵێ: "و گوایف اکراد متابعت و مگاوعت همدیگر نمی کنند و اتفاق ندارند"، واته " تایفه ی کوردان شوێنی یه کترناکه ون و گوێڕایه ڵی یه کتر ناکه ن ویه ک که وتوو

نین". له درێژه ی ئه و باسه دا، هۆیه کانی ئه و چه ند به ره کییه لێک ده داته وه به ڵام جیاوازی زمانیی و له هجه یی وه ک سه رچاوه ی ناکۆکی دانانێ. له سه رده می ئه ماره ته کاندا، چ له ده زگای ده وڵه ت دا وچ له کۆمەڵگەدا،باسی ڕەسمی کردنی لەهجەیێک و زمانێـک نـه دەهاتـه گـۆڕێ. بـۆ وێنەلـه دەربـاری ئەمارەتی ئەردەڵان دا، زمان و ئه ده بییاتی هه ورامی، فارسی و عه ره بـی بـاو بوو. له ده رباری ئه ماره تی بدلیس دا، به زمانی کوردی، تورکی، فارسی و عـه ره بی قسه یان ده کـرد و ده یـان نووسـی. لـه کۆمـه ڵگـه شـدا، ده نـگ بێـژ وگۆرانی بێژی کورد و هه رمه نی و جووله که و ئـازه ری بـه زمـانی یـه کتـر گۆرانییان ده کوت و به یت و باویان ده گێڕاوه.

دیاره سه رباقی تێکه ڵاویی زمان و له هجه کان، له کۆمه ڵگەی فره له هجه یی و فره زمانی دا، زمانه کان و له هجه کاننا به رابه ربوون به ڵام نیزامی ده ره بـه گی توانای ناوه ندی کردن و ره سمی کردن و دا سه پاندنی هیچ له هجه یێـک یان زمانێکینه بوو. بۆ وێنه، سوڵتانی عوسمانی نه ده یه ویست نـه ده یتـوانی ده کارهێنانی زمانی کوردی قه ده غه بکا یان تورکی به سه رئه ماره ته کاندا دا بسه پێنێ، به ڵام ریژیمی ناسیۆنالیستی کۆماری تورکییه، دوای هه شتا ساڵ قه ده غه کردنی زمانی کوردی، ئێسته که رێگه ده دا بـه نووسـینی، ده کارهێنـانی چه ند حه رفی کوردی به جورم داده نێ.* یا خۆ له ئه وجی ده سه ڵاتـی خـه لافه تی ئیسلامی دا، خه ڵیفه کانی به غدایه نه ده یانتوانی و نه ده یانه ویست زمانی کوردی غه یـری قـانوونی بکـه ن بـه ڵام سـاگع الحیـری، ناسیۆنالیسـتی ناسراوی عه ره ب و مودیری مه عاریفی ده وڵـه تـی تـازه دامـه زراوی عێـراق، رێگه ی نه ده دا کوردی عێراق بۆ باشتر نووسینی زمانه که یان چه ند نیشانه

له سه ر حه رفی عه ڕه بی دابنێن به بیانووی وه ی که ئه و کاره ده ست تێـوه ردان له زمانی خولآیه.

که له سه رده می ئه ماره ته کان دا نووسین به کوردی ده ستی پێکرد (سـه ده ی شازده)، هه ورامی و کرمانجی و سۆرانی وه ک سێ لـه هجـه ی ئـه ده بـی، یه‌ک به دوای یه کتر دا و سه ربه خۆ له یه کتر، سـه ریـان هـه ڵێنـا. ده کـرێ بڵێین فره له هجه یێتی هه تا ساڵی ١٨٩٨ (بڵاو بوونه وه ی هـه وه ڵ رۆژنامـه ی کوردی) و بگره تا دامه زرانی ده وڵه تی عێراق (١٩١٨) و ده ستپێکردنی ده سه ڵاتی سۆڤێت له قه فقاز (١٩٢١)، کێشه یێکی سیاسی نه بوو. دوای سه رهـه ڵدانی ناسیۆنالیسمی کورد (له ئاخروئۆخری سـه ده ی نـۆزده دا) و نووسـینی کوردی به چاپ ودامه زرانی نه ته وه- ده وڵه ته کان کـه سیاسـه تـی زمـانیی جۆراوجۆریان هه بوو، جیاوازی له هجه کان وه ک کێشه یێکـی سیاسـی هاتـه گۆڕێ. مه به ستم له سیاسه ت و سیاسی بوونی کێشه ی له هجه کان لێره دا ئه وه یه که زمـان، لـه روانگـه ی ناسیۆنالیسـتییه وه، وه ک ئـامرازێکی گرینگـی پرۆژه ی نه ته وه ڕۆنان و ده وڵه ت ڕۆ نان چاوی لێده کرێ ده نـا جیـاوازی زمانی و له هجه یی هه م ئێسته و هه م له رابردوودا له گه ڵ دابه شبوونی نابـه رابه رانه ی ده سه ڵات تێکه ڵاو بووه. ناسیۆنالیسم، جیاوازی له هجـه کـان وه ک به رهه ڵستێک له به رامبه ر یێـک هـاتن و داڕشـتنی نـه تـه وه داده نـێ و ئاماده یه بۆ یه ککرتنی نه ته وه له هجه کان به زه بر و زه نگ سه رکوت بکا.

جیاوازی له هجه یی خۆی له خۆیدا سه رچاوه ی نابـه رابـه ری و زوڵـم و هـه ڵاواردن (تمییز، تبعیچ) نییه. ده نگ و وشه و ڕێزمان هیچ خسـڵه تێکـی وایـان

نییه کە نابە رابە ری پێک بێنن. بۆ نموونە، هیچ دە نگێک یان حە ڕفێک (بۆ وێنە: ە، ک، ء ، خ) لە دە نگێک یان حە ڕفێکی دی (بۆ وێنە: ح، ق، ع، غ) باشتر، جوان تر، خۆشتر، یان رە سە ن تر نییە.

کە س ناتوانێ، بە پشت بە ستن بە زانستی زمانناسی،بیسەلمێنی کە،بۆ وێنە، وشەی ساختەی "فەرمی" لە "ڕەسمی" باشترە یان جوانترە یان ڕەسەنترە،یاخۆ ڕستەی" نابێت زارێک بە زۆری بە سەر زارێکی دی دا بسەپێندرێ"لە ڕستەی "نابیت زارەک ب زۆری لە سەر زارەکێ دی بهێتە سەپاندن" ڕەسەنتر و جوان ترە.

بە ڵام زۆر لە مێژە سە لماندراوە کە "رەسە نایە تی"، "جوانی"، و "راستی" خۆیان دیاردە ی مێژوویین و بە بڕیار و قە راری کۆمە ڵایە تی پێکد ێن. هیچ قاعیدە یێکی رستە یی وە ک فاعیل – فیعل – مە فعوول ( بۆ وێنە لە ئینگلیسی دا) باشتر و جوانتر لە قاعیدە ی دی وە ک فاعیل – مە فعوول – فیعل (بۆ وێنە لە کوردی دا) نییە. یا خۆ وە پێشکە وتنە وە ی ئینگلیسی لە گشت زمانە کانی دنیا هیچ پێوە ندی بە رێزمانە کە یە وە نییە. بە ڵام لە کۆمە ڵگە دا، کە لە سە ر بنچینە ی نابە رابە ری و ناکۆکی ئابووری و کۆمە ڵایە تی و سیاسی دارێژراوە (جووتیار و ئاغا، کرێکار و دە سمایە دار، ژن و پیاو، لادێیی و شارستانی، منداڵ و دایک/باوک، هتد)، زمان و دە سە ڵات تێک دە هاڵێن: زمان – لە دە نگەکان ڕا بگرە هە تا ساختی رستە یی و مە عنایی – هە م لە نووسین و هە م لە قسە کردن دا، دە بێتە مە یدانی خە باتی سیاسی و کۆمە ڵایە تی.

نووسین بە ئە لف و بێ نزیکە ی ٥٥٠٠ ساڵ لە مە و پێش دە ستی پێکـرد بـە لام زۆربە ی زمانە کانی دنیا، کە ژمارە یان دە گاتە حە وت هە زار، سـونە تـی نووسین و پێشینە ی ئە دە بییان پێک نە هێناوە، ئە وە ش لە بە رئە وە ی نییە کە ئە و زمانانە نزم و دواکە وتوون. بۆ وێنـە، نووسـین بـە فارسـی نزیکـە ی دوازدە سە دە لە مە و پێش دە ستی پێکرد و مێژووی نووسـین بـە کـوردی لـە پێنج سە دە تێ ناپە ڕێ و ئە و ناتە رازییە لە بە ر ئە وە ی نییە کە فارسـی لـە باری ساختی زمانییە وە لە کوردی باشترە یان پێشکە وتوو ترە. هە روە ها، دە ست پێکردنی نووسین بە هە ورامی و کرمانجی و سۆرانی و پێگە یشـتنیان وە ک لە هجە ی ئە دە بی هیچ پێوە ندی بە ساختی زمـانیی (سیسـتێمی دە نگیـی، وشە یی، رستە یی، و مە عنایی) ئە و لە هجانە وە نە بوو. هۆیە کان لە دە رە وە ی ساختی زمانی واتە لە بارودۆخی کۆمە لایە تی و ئـابووری و سیاسـی دا لـە نگە ریان گرتبوو. ئە گە ر لە هجە کانی دی (وە ک کرماشانی، دملی...) بە رهە می ئە دە بیی نووسراویان نە بووە بە هۆی ئە وە نییە کە لە باری زمانییە وە لە هە ورامی و کرمانجی و سۆرانی نزم ترن. هە روە ها، ژیانی ئە دە بی سـێ لـە هجە کان هاوکات دە ستی پێ نە کرد. هـە ورامـی و کرمـانجی سـێ سـە دە لـە سۆرانی لە پێش تر بوون. وە دواکە وتنی سۆرانیش لە بە ر "نارە سە نایە تی" و "دواکە وتوویی" ئە و لە هجە یە نە بوو.

بە سە رهە ڵدانی ناسیۆنالیسمی کورد، جیاوازی لە هجە کان وە ک کیشە یێکـی سیاسـی هاتـە ڕوو. بزووتنـە وە ی ناسیۆنالیسـتی کـورد، وە ک زۆربـە ی هاوتاکانی، داوای نە تە وە و زمان و نیشتمانێکی یە ککرتوو دە کا. لە سە رە تا

دا (١٨٩٨-١٩١٨)، کێشه ی له هجه کان به شیوه یێکی خۆڕسکی و پراگماتی چاره سه رکرا. له و سه رده مه دا، کوردستان له نێوان ئێران و عوسمانی دا دابه ش کرابوو و ئه و کوردانه ی که وتبوونه رووسییه ژیانی عه شیره تییان هه بوو و چالاکی ئه ده بییان ده ست پێ نه کردبوو. خه باتی ئه ده بی و سیاسی شێوه نوێباو (مۆدێرن) له پێشدا له کوردستانی عوسمانی ده ستی پێکرد. ئه و رۆژنامه و گۆڤارانه ی که له سالٚی ١٨٩٨ هه تا شه ڕی جیهانی هه وه ڵ له عوسمانی بلاٚوبوونه وه به کرمانجی بوون و جاروبار بابه تی سۆرانیشیان بلاٚوده کرده وه. ئه وه ش وه نه بێ سیاسه تێکی زمانیی وشیارانه بووبێ، و زۆرتر له به ر ئه وه بوو که کرمانجی زمانه کان له باری کۆمه لاٚیه تی و فه رهه نگی و سیاسی و ئابوورییه وه بانده ست بوون.

دوای شه ڕی جیهانی هه وه ڵ، له ئێران و تورکییه و سوورییه زمانی کوردی سه رکوت کرا و ئیتر له و ولاٚتانه جیاوازی له هجه کان نه یده توانی وه ک کێشه یێکی سیاسی-زمانی بێته گۆڕێ. به لاٚم له عێراق و له یه کێتی سۆڤێت، کوردی له نووسین و خویندن و ئامرازی راگه‌یاندنی گشتی و تا راده یێکیش له کاری ئیداری داده کارهێندرا. له یه کێتی سۆڤێت، ته واوی کورده کان به له هجه ی کرمانجی قسه یان ده کرد و مه سه له ئه وه بوو که کام بن- له هجه ی کرمانجی وه ک نۆرمی** زمانی ئه ده بی کوردی هه ڵبژێرن. له کۆنگره ی ١٩٣٤ یێره وان دا، "مه کته بی خانی" وه ک نۆرمی زمانی ئه ده بی داندرا. له کوردستانی عێراق، له سه ره تاوه زۆربه ی نووسینی چاپی و ئیداره یی به سۆرانی بوو له گه‌ڵ ئه وه شدا که وه ک له هجه یێکی ئه ده بی سه ده یێکی زیاتر ته مه ن نه بوو و تا دامه زرانی ده وڵه تی عێراق هیچ گۆڤار و رۆژنامه

ی پێ بڵاو نه کرا بۆوه. هیچکام له و بڕیارانه، بێجگـه لـه بڕیـاری کـۆنگره ی یێره وان، به ڕهه می ڕاوێژ و بیروڕا و لێکۆڵینه و ..

هه روه ها ده کارهێنانی کرمانجی له عوسمانی و سۆرانی له عێـراق، هـیچ پێـوه ندی به راده ی پێشکه وتوویی یان "ڕه سه نی" ئه و له هجانه وه نه بوو؛ ئه وه ی که ده وری ده گێڕا قورسایی سیاسی و ئا بووری ئاخێوه رانی له هجـه کـان بوو. دیاره ڕێبازی سیاسی و به رژه وه ندی ده وڵه ت له عێراق هه م ده وڵه تی عیراق و هه م ئینگلیس) و یه کێتی سۆڤێت (به تایبه ت کۆمـاری سۆسیالیسـتی هه رمه نستان) ده ورێکی گرینگی گێڕا.

شه ڕی سۆرانی- کرمانجی له کوردستانی عێراق دا سێ جار هه ڵاییسـاوه. هـه رجار شه ڕگه کان و رازانه وه ی هێزه کان به گوێره ی بارودۆخ گـۆڕاون. هـه وه ڵ جار له ١٩٣١دا، کاتێکی ده وڵه تی عێـراق بـه ره و "سـه ربـه خـۆیی"ده ڕۆیی و باسی دانانی "قانوونی لوغاتی مه حه لییـه" هاتـه گـۆڕی، حکوومـه تـی نووری سه عید به بیانووی ئه وه ی که کوردی فره له هجـه ییـه ده یـه ویسـت ڕێگه نه دا به ره سمی کردنی وه ک زمانێکی ناوچه یی و له هه مـان کاتـدا ده یه ویست، هه ر به ئه و بیانوویه، ناوچه ی بادینان ته عریب بکا.

دوای رووخانی ریژیمی پاشایه تی له ١٤ی تـه مـووزی ١٩٥٨ دا، جـارێکی دی کێشه که سه ری هه ڵێناوه، کاتێکی ده وڵه تی تازه دامه زراوی کۆمـار مـاوه ی به شی کوردی رادیۆ بـه غـدای لـه دوو سـه عـات کـرد بـه چـوار سـه عـات و کرمانجیش وێڕای سۆرانی ده کارهێندرا. گشت به رنامه کانی رادیۆ، بێجگه لـه گۆرانی، له سه ره تاوه (ساڵی ١٩٣٩) به سۆرانی بوون به ڵام له مه وپـاش هـه واڵ و چه ند به رنامه یێکی دی به کرمانجی بڵاوده کرانه وه. ئه و گۆڕانـه لـه سیاسه تی زمانیی به شی کوردی باس و جه ده لی وه ڕێخست و دوو بۆچوون یان سیاسه تی وه ده ر خست. هێڵێک پێی وابوو مه به ستی ده وڵه تی عێـراق دووبه ره کی خستنه نێوان ڕێزی کورد، و زمانی کوردی هه ر ئه وه یـه کـه لـه کوردستانی عێراق دا له خوێندن و چاپه مـه نـی دا ده کـاردێ و ئـاخێوه رانـی کرمانجیش ده بێ به سۆرانی بخوێنن و بنووسن. هێڵێکی دی پێی وابوو زۆربه ی گه لی کورد کرمانجی زمانن، ئه ده بییاتی کلاسیکی کرمـانجی کـۆنتر و ده وڵه مه نده، هه وه ڵ چاپه مه نی کوردی به و له هجه یه بووه، و زمـانی ئـه ده بیی کوردی ده بێ به هه ردوو له هجه بێ. له ئه نجامی ئه و جـه ده لـه دا، ئـه و دوو ڕێبازه گه ڵاڵه کران بێ ئه وه ێ پشت ئه ستوور بن به تیۆری و زانستییه کانی زمانناسی و سیاسی. لـه پراتیـک دا، لـه هجـه ی کرمـانجی ورده ورده لـه نووسین دا ده کار ده هات و کاتێکی دوای ئه یلوولی ١٩٦١ ده سه ڵاتی پـارتی دێمۆکرات له به شێک له گونده کانی کوردسـتاندا دامـه زرا، "رادیـۆی ده نگـی کوردستان" وه ک رادیۆی به غدا به هه ر دوو له هجه به رنامه ی بڵاوکرده وه. ئه گه ر له ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٢ دا، دوو به ره ی ئه و تێکهه ڵچوونه ده وڵه ت و چه ند رۆشنبیرێکی کورد بوون، له سـاڵی ١٩٥٨ دا، گـۆڕه پـانی شـه ڕه کـه گۆڕدرا. ئه و جار کێشه که له نێوان دوو به ره ی رۆشنبیری کـورد وه ڕێ کـه وت.

دیاره له سه رده می هیچکام له و پێک وه ر بوونانه دا، گه لی کورد ده سه ڵاتی سیاسی به شێوه ی خودموختاری یان سه ربه خۆیی نـه بـوو. بـه ڵام دوای ده ستپێکردنی شه ڕی چه کداری ١٩٦١، ده کار هێنانی کرمـانجی لـه "رادیـۆی ده نگی کوردستان"ی پارتی دێمۆکراتی کوردستان دا ده ریخست که کێشـه ی دوو له هجه کان دا نه مرکاوه و له داهاتو دا سه رهه ڵده داته وه. که له ١٩٩١ دا ده سه ڵاتی ده وڵه تی عێراق له سه ر به شێکی کوردستان لاچـوو، ئـاخێوه رانـی کرمانجی بێ ئه وه ی چاوه ڕوانی بڕیـاری حیزبـه کـان یـان رۆشـنبیران بـن، بڕیاریان دا که له هجه ی ئه ده بی خۆیان ده کار بێنن. ئێسته خه ڵک له ناوچه ی بادینان، له ده ره وه ی ده سه ڵاتی ده وڵه تی کورد (حکوومه تی هه رێم)، له دووکان و خواردنگه و میوانخانه، کووچه و کۆڵان، رێگاوبان، سه ر بـه رده قـه بران، و له هه ر جێیێک که نووسین ده کار بێ، به له هجه ی خۆیان ده نووسن. له چه ند جێگه ش که له ژێر حوکمی ده وڵه تی هه رێم دایه، وه ک زانکـۆ، ده سه ڵاتی زمانیی دراوه به له هجه ی کرمانجی. ئێسته ئاشکرایه که له مه دره سه ی سه ره تایی و ناوه ندیش دا، داوای ده رس خویندن به کرمانجی ده کـه ن. ئه وه ش سه یر نییه و ده بێ چاوه ڕوان بکرێ. ئه گـه ر لـه سـاڵانی ١٩٢٠- ١٩٣٠ دا لـه بادینـان تـوێژیکی رۆشـنبیری بـه هێـز پێـک نـه هـاتبوو، ئێسـته توێژێکی به رین و هه مه ڕه نگه ی رۆشنبیر، به ژن و پیاووه، بڕیاری داوه کـه کوردی زمانێکی فره له هجه و دوو-ستانداردە. جا سـه یـر نییـه کـه بـه ره ی سۆرانی خوازی ئێستا نیگه رانی ده سه ڵاتی کرمـانجی بـێ و بییـه وێ بـه زه بری هێزی ده وڵه ت ئه و ده سه ڵاته له ئاخێوه رانی کرمانجی بسـتێنێته وه و به به رنامه ی وه لانان و سووک کردن و هه ڕه شـه کـردن، سـۆرانی بکـا بـه زمانی یه ککرتوو و ستانداردی "براگه وره" و کرمانجی و ئاخێوه رانی بکا بـه

براچکۆله. به ڵام "براگه وره یی"، هه م له داب و نه ریت دا و هه م له سیاسه ت دا، به رهه می کۆمه ڵگه ی ده ره به گییه و کرمانجی زمانه کـان نایانـه وێ بـه هیچ بیانوویێک ببن به خوشکه چکۆله و برا چکۆله. کێشه که، کێشه ی نـا بـه رابه رییه و ئه و نابه رابه رییه ش به دابین کردنی مافی به رابه ری چاره سـه ری ده کرێ. ئه و کێشه زمانییه، له بنچینه دا، کێشه ی دیمۆکراسییه.

دیاره ره سمی کرد ن -- چ یـه ک لـه هجـه (سـۆرانی) بـێ یـان دوو لـه هجـه (سۆرانی و کرمانجی) -- کیشه یێکی ئاڵۆز و فره لایه نه... ن -- چ یه ک لـه هجه (سۆرانی) بێ یان دوو له هجه (سۆرانی و کرمانجی) -- کیشه یێکی ئاڵۆز و فره لایه نه، به ڵام زۆرتر له گۆڕه پانی سیاسه تی زمانیدا خول ده خواته وه. وه ک کێشه یێکی سیاسی، هه رکه س بۆی هه یه باسی بکـا، لایـه ن بگـرێ و رێنوێنی بکا. له و کێشه یه دا، وه ک هه ر کێشه یێکـی سیاسـی، پێویسـته تـه کبیرورا به شێوه یێکی به رین و جه ماوه ری به رێوه بچێ. پێویسته پرس بـه ئاخێوه رانی له هجه کان، هه م خوێنده وار و هـه م نـه خوێنـده وار، بکـرێ و ویست و نیاز و داواکارییه که یان ببێته بنچینه ی سیاسه تی زمانی وبـه رنامـه ی زمانی. ده سته یێک رۆشنبیر و سیاسه ت به ده ستی سۆرانی زمان نابێ ئـه و مافه به خۆیان بده ن که کرمانجی وه ک له هجه یێکی دواکه وتوو له کاروانی مه ده نییه تی سۆرانی له قه ڵه م بده ن، خۆیان بکه ن به"برا گه وره" و فتوای ژێرچه پۆکه یی کورمانجی و ئاخێوه رانی بده ن.

له و باسانه ی که به دوای بڵاو بوونه وه ی نامه ی په نجاوسێ نه فـه ر وه ڕی که وتووه، زۆر جار چه مک و زاراوه ی هه ره گرینگی ئه و بابه ته بـه شـێوه

یێکی ناڕاست و نابە جێ دە کارهێندراون. بۆ وێنە"زمانی ستاندارد" و "زمـانی رە سمیی" و "زمـانی یـە ککگرتـوو" تێکـە ڵ دە کـرێن و جیاوازییـە کانیـان دە شێوێندرێن. با نموونە یێک بگێڕمە وە لە سە ردێڕێکی ژمـارە ٦ ی ڕووداو کـە بە گێڕانـە وە لـە وتووێژێـک نووسـیوێتی:سـتاندە رایزکردنـی زمـانی کـوردی پێویستی بە بڕیارێکی سیاسی هە یە" ( ٢٠٠٨/٥/١٢ ، ل. ١٢).

جارێ لە پێشـدا، وشـە ی "سـتاندە رایـز"، کـە بـێ ئـە وە ی پێویسـت بـێ لـە ئینگلیسی خوازراوە تە، هە ڵە یە و لە ئینگلیسی دا"ستانداردایز"ە. دوایە، لە ئە و سە ردێڕە دا، ستاندارد کردن لە گە ڵ رە سمی کردن تێکە ڵ کراوە.دە کرێ بـە بڕیاری دە وڵە تی لە هجە یێک رە سمی بکرێ بە ڵام ستاندارد کردن تە نیا بـە هێزی دە وڵە ت پێک نایا. زمـان دە تـوانێ سـتاندارد بـێ و رە سـمی نـە بـێ (ئینگلیسی لە ئە مریکا، بە قانوون و بە دە ستوور، زمانی رە سـمیی نییـە). هـە روە ها، زمانێکی ستانداردیش نە بووبێ دە توانێ رە سمی بکرێ.

ستاندارد کردنی زمان کێشە یێکی تە نیا زمانی نییە و لە پێشـدا سیاسـییە. بـە ڵام وە ک هە ر کێشە یێکی سیاسی،هە روە ها پرۆوە یێکـی گـۆڕانی مێژوویـی، زمانی، کۆمە ڵایە تی، ئابووری، و ئیدە ئۆلۆژییە. پرۆژە ی رە سـمی کردنـی لـە هجە ی سۆرانی ململانییێکـی سیاسـییە بـۆ دابـە شـکردنە وە ی دە سـە ڵات، و سیاسە تە لە گۆڕە پانی زمان دا. مە بە ست لە سیاسە تیش تە نیا حیزبایە تـی نییە. لە و زنجیرە باسانە دا، کێشە ی زمانی رە سمی کوردی لێکدە دە مە وە بە ئومێدی ئە وە ی یارمە تی بدا بە روون بوونـە وە ی لایـە نـە تیـۆری، زمـانی، مێژوویی، سیاسی، و ئیدە ئۆلوژییە کانی ئە و کێشە یە. لە شێوازی نووسـین دا

ڕێبازی گۆران و هێمن و سه جادی ره چاو ده که م و خۆم له په تی کردنی سه ره ڕۆیانه ده پارێزم.

---

* حه رفه قه ده غه کراوه کان ئه وانه ن:

ê ،w ،x ،q

** Norm

نۆرم پێوانه یێکی دروستی و نادرووستی یان په سندکراویی و ناپه سند یی لـه ده کار هێنانی زمانه. له زمانی ئه ده بی یان ستاندارد دا، نۆرمێـک ره چـاو ده کرێ جا یان له سه ر بنچینه ی له هجه یێک یان به پشت به ستن به ئه و قاعید ه و رێ وشوێنانه ی که نووسـه ران و قـامووس نووسـان و ڕێزمـان نووسـان دایده نێن و باو ده بێ یا خۆ به تێکه ڵاوکردنی ئه و دووانه. بۆ وێنه من لـه و نووسراوه دا، زۆرتر نۆرمی موکرییانیم ده کارهێنـاوه نـه ک نـۆرمی سـلێمانی. دوو نۆرمی سلێمانی و موکرییانی له زۆر بواری ده نگیی، وشه یی، مه عنـایی و ڕێزمانی دا جیاوازییان هه یه. بۆ نموونه بڕوانه جیاوازی راناوه کان له نـۆرمی سلێمانی ( من، تۆ، ئه و، ئێمه، ئێوه، ئه وان) و موکریانی دا (ئه من، ئه تۆ، ئه و، ئه مه، ئه نگۆ، ئه وان). سۆرانی زۆرتـر لـه سـه ر بنچینـه ی نـۆرمی سـلێمانی ستانداردکراوه به ڵام ناکۆکی ئه و دوو نۆرمه یه کێک له کێشه چاره سه ر نـه کراوه کانی زمانی ستانداردە.

(به شی دوو)

## ٢- زمانی ستاندارد و ستانداردکردنی زمان: تیۆری و پراتیک.

ستاندارد بوون پرۆسەیێکی گۆڕانکاری زمانی – کۆمەڵایەتییە کە وێـڕای پەیـدا بوونی نەتەوە و بزووتنەوەی نەتەوەایەتی (ناسیونالیسم) لـە پێشـدا لـە سـەدەی شازدە و حەڤدە لە ئورووپای رۆژئاوا دەستی پێکرد. ئەو پرۆسـەیە لـە ئاسـیا و ئەفریقا لە ئاخری سەدەی نۆزدە دا بەدی دەکرێ و زمانی وا هەیە، وەک کوردی، لە سەدەی بیست دا بەرەو ستاندارد بوون وەڕێ کەوتوون..

له گه ڵ ئه وه ش دا پرۆسه ی گۆڕان و گه شه کردنـی زمانـه کـانی دنیـا، کـه ژماره یان له نێوان ٦٦٠٠ و ٧٠٠٠ دایه، زۆر نارێک و ناتەرازە، و هەر زمانێک بارودۆخی تایبه تی خۆی هه یه، ده کرێ له ناخی ئه و تایبه تێتییانه دا ڕەوەندە گشتییەکانی ستانداردبوون بەدی بکەین.بۆ وێنـه، پرۆسـه ی سـتاندارد بـوونی زمانی کوردی له بارودۆخی پێکهاتنی کورد وه ک نه ته وه یێکی بێ ده وڵـه ت ده ستی پێکرد ئه ویش له شەرت ومه رجی دابەشکرانی زمانه که له نێـوان چـه ند ده وڵه ت که سیاسه تی زمانیی جۆراوجۆریان هه بوو وهەر کام بەشێوەیەک بڕۆژەی زمانکوژییان به ڕێوه ده برد. به پێچه وانه، ستاندارد کردنی فارسـی و تۆرکی وه ک زمانی ڕەسمی و دەوڵەتی دەستی پێکرد. زمانی عه ره بیش کـاتی

ده ست پێکردنی ستانداردبوون، له نیوه ی ئاخری سه ده ی نۆزده دا، زمانی ره سمی (ده وڵه تی) نه بوو به ڵام دوای شه ری جیهانی هه وه ڵ بوو به زمانی ره سمی چەند دەوڵەت. سه ربار ی ئەو تایبه تێتییانه، ستاندارد کردنی ئەو زمانانـه وەک بەشێک له پرۆژەی نەتەوه ڕۆنان دەستی پێکرد و درێژه ی بوو – فارسی و تورکی وه ک ئامرازی داڕشتن و دامه زرانـدنی نەتـەوه- دەوڵـەت و کـوردی وەک ئامرازی گەیشتن به ده سه ڵاتی ده وڵه تی. دیاره لـه ئـه و گشـتێتییه دا، تایبه تێتی به دی ده کرێ. بۆ وێنه، یەکێک لـه پرۆسـه کـانی سـتاندارد کـردن پەتیکردنه که له و چوار زمانانه دا (تورکی، فارسی، عه ره بی و کوردی) به دی ده کرێ به ڵام له عه ره بی و فارسی دا (کـه لـه کۆنـه وه زمـانی ئـه ده بـی و ئیداره یی هەره بەدەسەڵاتی ناوچه بوون) سەرنەکەوتووه و له کـوردی و ترکـی دا بەشێوەیێکی سەرەڕۆیانه له ئارا دا بووه.

ستاندارد بوون پرۆسێیکی گۆڕانکاری تەنیا زمان نییه، ولەوه زیاتر، گـۆڕانێکی کۆمه ڵایه تی-زمانییه: له و پرۆسه یه دا، هه م زمان ده گـۆڕدرێ و هـه م کۆمـه ڵگه – ئەو گۆڕانه ش پێوه ندی نێوان هێزه کان و سه رچاوه کانی دەسەڵات ده شێوێنێ و خـه بـاتی سیاسـی وه ڕێ ده خـا. ئەگـەر سـتاندارد بـوون تـه نیـا دیاردەێیکی زمانی با، پێویست نه ده بوو زمـانی راهـاتوو و دەوڵەمەنـدی وەک فارسی و عه ره بی و چینی ستاندارد بکرێن. به بێ وردبوونه وه له پێوه ندییه کانی دیارده ی زمانی و کۆمه ڵایه تی ناتوانین کێشه ی زمانی سـتاندارد بـاش شی بکه ینه وه.

له پرۆسه ی ستاندارد بوون دا، زمان هه م له فۆرم دا ده گۆردرێ و هه م لـه ئـه رکه کانی (فانکشن) دا. گۆڕانکاری له فۆرم دا، له گشت بەشەکانی زمان دا بەدی دەکرێ – سیستێمی ده نگی، ئۆرتۆگرافی (ئەلفووبێ، رێنووس)،... خاڵبه نـدیی، وشه یی، رێزمانی، مه عنایی و هه روه ها شێوازی نووسین هه م له پەخشـان دا وهەم له هه ڵبه ست دا. له زانستییەکانی زمان دا ، بـه ئـەو دەسـت تێوەردانانـه دەڵێن کۆدڕۆنان (کۆدیفیکەیشن)* واته دانانی کۆد یان قاعیده بۆ ده کارهێنانی زمان له قسه کردن را بگره هه تا رێنووس و رێزمان. بۆ وێنـه، لـه کـوردی دا، ئەلف و بێ چێکراوه و قاعیده ی نـوێی بـۆ دانـدراوه. هێنـدێک لـه چێکـه ران ویستوویانه دەست له ئه لف و بێی عەرەبی – فارسی وه ربده ن و بۆ نووسینی کوردی کارامه تری بکه ن (به زیاد کردنی حه رف و بـه ئیعـراب بـه حـه رف کردن) و هێڵێکی دی ویستوویانه به یه کجاری ده ستی لێ هه ڵ بگرن و ئه لف و بێی لاتینی له باتی دابنێن. ئه وانه گۆڕانکاریین له فۆرمی زمان دا.

گۆڕانکاری له ئه رکه کانی زمان دا، بریتییه لـه ده کارهێنـانی زمـان لـه بـواری جۆراوجۆری وه ک زانست، تێکنۆلـۆژی، خوینـدن و ده رس کـوتن، کاروبـاری حکوومه ت، چالاکی ئابووری، ئامرازی راگه یاندنی گشتی (رۆژنامه، رادیۆ...) و تیکنۆلۆژی راگەیاندن (کامپیوتر، ئینترنێت...). بۆ وێنه، کوردی له ساڵی ١٨٩٨ەوه له بواری نوێی وه ک رۆژنامه گەری دا ده کارهاتووه و لـه سـاڵانی ١٩٢٠ ەوه بوو به زمانی رادیۆ و خوێندنی سه ره تایی و تا راده یێک ئیداره ی ناوچه یی (له عیراق و یەکێتی سۆڤێت دا).

پە یدا بوونی ئە رکی نویّ لە کوردی دا ئـە و پێداویسـتییە ی هێنـا گـۆڕیّ کـە فۆڕمی زمانە کە بگۆڕدریّ هە تا بتوانیّ وە ڵامی ئە و نیازانە بداتە وە. بۆ وێنە، رادیۆ کوردییە کانی سە ردە می شە ڕی جیهانی دووە م (بە غدا،بەیڕووت ، یافا) لە سە ریان بوو هەر رۆژ هە واڵ و پڕۆپاگاندە ی شەڕ بڵاو بکەنەوە و ئـەوەش پێویستی بە پەرەپێدانی وشـەی زمانەکـە هـەبوو جـا چ بـە خواسـتنە وە چ بـە داتاشین یان شێوە ی دی. هە روە ها، دە کارهێنانی کوردی لە کتێبی دە رسی دا کێشە ی نوێباو (مۆدێرن) کردنی سیستێمی وشەیی هێنا گۆڕێ.

ئەو گۆڕانکارییە لە فۆڕمی زمانی کـوردی دا بـە بـیّ گـۆڕانی کۆمەڵگـەی کـورد پێکنـــەدەهات.ئـــەوەش پێکهـــاتنی تـــوێژێکی رۆشـــنبیری ناسیۆنالیســـت لـــە ئاخروئۆخری سە دە ی نۆزدە دا بوو، کە زۆرتر لە شـارە کـان بـە تایبـە ت لـە ئیستامبوول دەژیان. ئەو توێژە رۆشنبیرە بنکەی کۆمەڵایەتی و هێزی هانـدەری هەوەڵ هەنگاو لە ستاندارد کردنی زمان بوو، لە ١٨٩٨ ڕا هە تـا ١٩١٨. حـاجی قادر(١٨١٨-١٨٩٧) کە نوێنەرێکی ئەدەبیی ئەو بزووتنەوە سیاسییە بـوو داوای وەرگێڕانی زانستی مۆدێرن، وە لانانی "قائیمە و قە سـیدە"، و بڵاوکردنـە وە ی "رۆژنامە وجەریدە"ی دەکرد. ساڵێک دوای مردنی حـاجی، هـەوەڵ ڕۆژنامـە بـە زمـانی کـوردی بـڵاو بـۆوە. لـە سـەد سـاڵی ڕابـردوو دا، بنکـەی کۆمەڵایـەتی بزووتنەوەی زمانیی بەتایبەتی زمانی ستاندارد و نەتەوەیی چەند جار گۆڕدراوە.

لە پێشدا، ئە و بنکە کۆمە ڵایە تییە لە ساڵی ١٩١٨ بە ولاوە لە نێوان پێنج وڵات دا دابە ش کرا و ئە و دابە ش بوونە پرۆسە ی ستاندارد کردنی تـە واو ئـاڵۆز کرد. لە هە مان کاتدا، لە هشتا سـاڵی رابـردوو دا، بنکـە ی کۆمەڵایـەتی تـەواو

گۆڕاوه و، به پەیدا بـوونی هێـزی نـوێ، بـەرین تـر بـووه. لـه کۆڕوکۆمـه ڵـی ئیستانبوولی ئاخری سەدەی نۆزده دا، بنکه ی کۆمه ڵایه تی بزووتنه وه ی زمان توێژێکی بچووک بوو که پێک هاتبوو له خانه کان، شێخه کان، مه ڵا و فه قێیـه کان و چه ند ده رچوویێکی مه دره سه ی روشدییه و اعدادی، و گشتییان پیـاو بوون. تەنانەت له کوردستانی تورکییه، له ساڵی ١٩٢٧دا بەلانی کەمەوه له سه د دا ٩٦ که س نه خوێنده وار بـوون (بایەزیـد ٩٧,٤ ، بـدلیس ٩٨,٢، دیاربـەکر ٩٦,٥، حەکاری ٦.٩٨، ماردین ٩٧,٨، سعرت ٩٦,٥، وان ٩٨,٧ ).به ڵام ئێسته له تورکییه و ئێران و عێراق، بزووتنه وه ی زمانی له ده سـت تـوێژی سـونه تـی رۆشنبیران هاتۆته ده رێ و له مەدرەسه و زانکۆکان و پارلمان و ئـامرازی راگـه یاندن، هه م له وڵات دا و هه م له ئاستی نێونه ته وه یی دا،بەردەوامه.ئەگـەر لـه سەرەتادا،خوێنەرەوه تاقه کەس یان کۆڕی ناو دیوەخانی ئاغـاوەت و حـوجرەی مزگەوتان بوو،ئێسته "جەماوەری خوێنەرەوه" پەیدا بووه.ئەگەر جـاران، تـوێژی ڕۆشنبیر تەواو پیاو بوون، ئێسته توێژێکی رۆشنبیری ژن پێک هـاتووه. هێـزی نوێ له بوواری زمان دا داخوازیی و نیازی نوێی هه یه. ئەگـەر کـوردی جـاران زۆر بەزەحمەت ده ستی ده گه یشته داوێنی چاپ، ئێسته به قه ڵه مبازه وه به ره و تێکنۆلۆژی تازه ی زمـان وه ک تلفیزیـۆن و کـامپیوتر و ئینترنێـت و تـه لـه فوونی زیره ک (سمارت فۆن) وه ڕێ که وتووه. ئه و ده ستکه وتانـه بەرهـەمی هێزی نوێن و له هه مان کاتدا ئه و هێزه نوێیانه به رین تر و به هێزتر ده کـه ن و پێوه ندی نیوان لەهجـەکان و زمانـه کـان و نووسـین و کـوتن ده گـۆڕن. تێکنۆلۆژی تازه بواری نوێ و نیازی نوێ و ڕێبازی نوێی له زمان دا هێناوه تـه گۆڕێ. له و بارودۆخه دا،پرۆژەی تاقه ناوه ند کردنی زمانی کوردی هەر لـه هـه وه ڵ هه نگاو دا تێک ده قرمێ.

لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ستاندارد بوون زۆر بەرین و ئاڵۆزن بەڵام دەکرێ ئـەو ئاڵۆزییە لە دوو پرۆسەی هە ڵبژاردن و پە سند کردنی لـە هجـە ی سـتاندارد دا بەدی بکە ین. رە وتی گشتی ئە وە یە کە یە کێک لە لە هجە کـان وەک بنچینـە ی زمانی ستاندارد هە ڵدە بژێردرێ یان خۆی جێگیردە کا، و لە هە مان کاتدا لە لایەن جەماوەری ئاخێوە رانی گشت لە هجـە کـان وە ردە گیرێ پـە سـە نـد دە کـرێ، و دە کـاردە هێنــدرێ. زمـانێکی لـە فـۆرم دا سـتاندارد کرابـێ (یـە ک سیستیمی دە نگ، یە ک ئۆرتۆگرافی، یەک رێزمانی هە بێ)، بە ڵام ئاخێوە رانی تەواوی لە هجە کان دە کاری نە هێنن وەک زمانی ستاندارد چاوی لێ ناکرێ. ئە وە رە وتی گشتییە لە گۆڕانکاری کۆمەڵایـەتی لـە پرۆسـەی سـتاندارد بـوون دا بەڵام هەر زمانەی لە بارودۆخی مێژوویی خۆی دا بە شێوەی تایبـەتی خـۆی بـە ئەو ڕێیە دا دەڕوا.

ستاندارد کردن بە دە کارهێنانی زمان لە نووسین و خوێندنە وە بە تایبـە ت لـە چاپە مـە نـی و لـە پـە روە ردە دا، دانـانی رێزمـان و قـاموس، و چێکـردن و نوێیاوکردنی ئە لف وبێ و وشە کان و رینووس و خاڵبە ندی دەست پێدەکا. بە ڵام هەر زمانێک بە گوێرەی بارودۆخی مێژوویی خۆی ئەو گۆڕانکارییە بـەڕێوە دەبا.بۆ وێنە، وە رگێڕانی ئینجیل بە زمانی ئە لمانی و بڵاوکردنە وە ی بە چاپ (ساڵی ١٥٣٤ ) وەک هە نگـاوێکی سـە رە تـایی بـە ڵام گرینـگ لـە سـتاندارد بوونی ئە و زمانە دادە ندرێ. بە پێچە وانە، لە زمانی سۆمالی دا، بڵاوکردنەوەی بە رنامە ی رادیۆیی لە شە ڕی جیهانی دووهە م دا بە سە رە تایێکی گرینگ لـە قە ڵە م دە درێ و لە کوردی دا، بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤـار دە ورێکـی بـە رچاوی گێڕا.

من له ده کار هێنانی چه مکی "ستاندارد" وه ک کردار (فیعل)، هـه م لـه شـکڵی تێپه ڕی "ستانداردکردن" و هه‌م له شکڵی تێنه په ڕی "ستانداردبوون" که ڵک وه رده گرم. زۆر به کورتی، زمان هه م ستاندارد ده بێ و هه م ستاندارد ده کرێ. گۆڕانی زمان و کۆمه ڵگه پرۆسه یێکی وشیارانه یه (به بـه رنامـه و بـه فکرلـێ کردنه وه یه) به ڵام له هه مان کاتدا، ره وتی خۆڕسکی له هـه ر پرۆسـه یێکـی گۆڕان دا به دی ده کرێ. بۆ وێنه بێتوو نووسه‌رێک چیرۆکێکـی زۆر بـاش بـه زمانێک یان له هجه یێک بنووسێ شان و قورسـایی ئـه و زمانـه یـان له‌هجه‌یـه زیاتر ده کا و پله وپایه ی به‌رزتر ده کا بێ ئه وه ی به رنامه ی بۆ ئه و مه به سته بووبێ. به ڵام له په‌یدا بـوونی زمـانی سـتاندارد دا، ده سـت تێـوه ردانـی وشیارانه ده ورێکی گرینگتر له گۆڕانی خۆڕسکی ده گێڕێ. بۆ وێنه، له زمـانی ئینگلیسی دا، ساموێل جانسن به دانانی فه رهـه نگێـک لـه سـاڵی ١٧٥٥ دا ده ورێکی چالاکانه‌ی گێڕا له ستانداردکردنی ئه و زمانه به تایبـه ت رێنووسـه کـه ی. هه روه ها، له پرۆسه‌ی په‌یدا بوونیی ستانداردێکی نوێ له زمانی ئینگلیسـی دا، واته ستانداردی ئه مریکایی، دانانی فه رهه نگی وێبستر لـه سـالی ١٨٢٨ دا ده ورێکی به رچاوی گێڕا. له ئه زموونی زمانـه سـتانداردە کـان دا، نـاکۆکی و کۆکی هه یه له نێوان گۆڕانی خۆڕسکی و وشیارانه، و هه‌ر زمانێک پێـوه نـدی ئه و دوو ره وته به شیوه یێک رێک ده خا. بۆ وێنه، له فه‌ڕانسه ده وڵـه ت بـه دامه زراندنی ئـه کـادیمی زمـان ویسـتوویه تـی بـۆ گـۆڕانی خۆڕسـکی زمـان سنووردابنێ و ئه‌و ئه کادیمییه وه‌ک ده‌زگای به‌رنامـه ڕۆنـانی زمـانیی چـالاکی بکا. به پێچه وانه، له ئینگلستان و ئه مریکا، ستانداردکردن به بـێ ئـه کـادیمی زمان به ڕێوه چـووه. لـه کـوردیش دا (بێجگـه لـه یـه کێتـی سـۆڤێت)، ئـه‌رکی ستاندارد کردن به بێ به ر نامه یێکی وشیارانه یان به بێ ئه کادیمی زمـان بـه

ڕێوه چووه له گه ڵ ئه وه ش دا جاروبار ده زگایێک یان کۆمیته یێک (بۆ وێنه له کۆماری کوردستان دا) بۆ ئه و مه‌به‌سته پێک هاتووه. له کوردی دا، بـه تایبـه تی له کوردستانی عێراق، ئـه و ئه‌رکـه زۆرتـر لـه سـه ر شـانی نووسـه ران،وه رگێڕان، رۆژنامه نووسان، فه‌رهه‌نگ نووسان و رێزمان نووسان و به‌ڕێوه‌به‌رانی رادیۆکان بووه.ستاندارد بوون، له گشت زمانێک دا، پرۆسه یێکی ناتـه واوه لـه به ر ئه وه ی که زمان حه موو کاتێ لـه گـۆڕان دایـه و کـه س نـاتوانێ بیـوه ستێنێ. لـه کاتێـک دا لـه سـه د سـاڵی رابـردوو دا زمـانی کـوردی خـه‌باتێکی به‌رده‌وامی بۆ ستانداردبوون کردووه، لـه زمـانی وه ک عـه ره بـی و فارسـی و ئینگلیسـی و دانمـارکی و هولـه نـدی و ئـه لمـانی و سـوێدی دا پرۆسـه ی "ناستانداردبوون"** له ئارادا بووه. بۆ وێنه، زمـانی فارسـی کلاسـیک کـه لـه هیندووستانه وه هه‌تا باکووری ئه فریقا ده‌کار ده هـات لـه سـه ده ی بیسـت دا سێ ستانداردی تاجیکی و ده ری و فارسی لێ په‌یدا بوو. هه روه ها زمانی عـه ره بیش چه ند ستانداردی وه ک مه غریب و قاهیره و به غدا و ده میشقی لـێ وه‌ده‌رکه‌وت. زمانی ئینگلیسیش، به چه ند ستانداردی وه ک ئه مریکایی، ئوسته رالیایی، هیندی،ئه فریقایی، و... دابه ش بووه. ئه‌گه‌ر زمان هه میشه لـه گـۆرین دایه ستاندارد بوونی زمانیش پرۆسه یێکی یه کجاره کی و هه تا هه تایی نییه. ستانداردبوون و ناستانداردبوون هاوکات له ئارادان. له هه مان کاتدا کـه زمـان ستاندارد ده‌بێ پرۆسه ی ناستاندارد بوون، جا چ به خێرایی چ به ئه سپایی، له گووران دا ده بێ.

زمانه کان به شیوه یێکی سه‌ربه‌خۆ و له فه زایێکی ئازاد دا بـه ره و سـتاندارد بوون وه ڕێ ناکه‌ون. لێره دا مه‌به‌ستم ته نیا ده سه ڵاتی ده وڵه تیی و سیاسـه تی زمانکوژی ده وڵه ته کان نییه. مه به ستم زۆرتـر قورسـایی فـه رهـه نگیـی

زمانه كانه كه دياره له ده سه لآتی ده ولّه تی جویَ ناكریّته وه. بۆ وینه، زمانی كوردی له توركییه و عیّراق و ئیّران له بارودۆخی ده سه لآتی فارسـی، تركـی و عه ره بی دا ده ستی به ستاندارد بوون كرد و ئه وه ش دوو پرۆسه ی له روالّه تدا ناته‌بای هه ڵكردن و تیّـک هـه ڵچـوونی تیّداكۆبۆتـه وه. بـۆ نموونه‌پـه‌تی كردنی وشه، كه یه كێک له ڕه‌وتـه‌كانی سـتانداردكردنه، لـه كوردسـتانی عیّـراق زۆرتر به پاكتاوكردنی وشه ی عه ره بی به ڕیّوه ده چیّ، له ئیّران به پاكتـاویی فارسی و له توركییه به بژاری وشه ی تركی. له هه مان كات دا، وشـه خواسـتنه وه له و زمانانه درێژه‌ی هه یه. خواستنه وه ی وشه، وه‌ک په‌تیكردنه كه، كێشـه یێكـی سیاسـییه و بـه رنامـه ی سـتاندارد كردنـی تـه واو ئـاڵۆز كـردووه. لـه كوردستانی عیّراق زمانه‌كه‌یان وه‌به‌ر لێشاوی وشه ی فارسی داوه به‌لآم سـه دان وشـه ی خـوازراو و كـوردی كـراوی وه ک "لـه هجـه" پاكتـاوده‌كریّ و وشـه‌ی ئینگلیسی "دیالێكت"ی له جیگه‌ی داده‌نێن.

سه رچاوه ی ئه و بڕیارانه له به رژه وه ندی سیاسی دایه نه ک له خسـلّه تـی زمان، به گشتی، و زمانی كوردی، به تایبه تی.له ئه و چه ند نموونانه ده رده كه ویَ كه هه ر زمانێک هه م له ناو خۆی دا ناكۆكی هه یه (وه ک فره له هجه یێتی و سیاسه تی جۆراوجۆری وشه ڕۆنان) و هه م له نێوان خۆی و زمانه كانی دی دا (وه ک پله ی به هێزیی زمانی عه ره بی و فارسی و ئینگلیسی و بـیَ هێـزی نیسبی زمانی كوردی). زمانه كانی دنیا له یه كتر هه‌ڵنه‌بڕاون و به ته‌نیایی وبـه سـه‌ربه‌خۆیی نـاژین. ئه‌گـه‌ر زمانـه‌كان لـه رابـردووی دوور دا بـه ده‌ریـا و ئوقیانووس و قاڕه لێک جوی ده بوونه وه، به په یدا بوونی نیزامـی ده سـمایه داری لێک نزیک بوونه وه و نیزامێكی زمانی یان سیسـتیمێكی زمانییـان پیٚـک هێنا. نیزامی زمانی به و مه‌عنایه كه زمانه كان له دوور و نزیكه وه كار ده‌كه‌نـه

سه ر یه کتر و به پێی پله و پایه دابه ش کراون و هه ر کامه ی له ئاستێکی به رزی ونزمی ده سه ڵات ڕادەوەستن: زمانی گه وره و بچووک، نووسراو و زاره کی، ره سمی و نا ڕه سمی، نه ته وه یی و ناوچه یی، ستاندارد و نا ستاندارد، نێونه ته وه یی و نه ته وه یی، ره سمی و سه رکوت کراو، و هتد.

---

⁎codification ⁎⁎

Ana.Deumert and Wim Vandenbussche (eds.). Germanic Standardizations. Monash University/Vrije

Universiteit

Brussel/FWO Vlaaderen، ٢٠٠٣

( بەشی سێ )

**٣- چەمکەکان: زمانی رەسمی، نەتەوەیی، ئەدەبی، یەکگرتوو، و کلاسیک.**

لە دوو بە شی پێشوو دا، باسی وە م کرد کە لە سە دە ی بیستە م دا سـە ربـای تێکۆشانێکی زۆر بۆ ستاندارد کردنی زمانی کوردی، ئە و پرۆژە یە لـە سـە رە تاوە پشتی نە بە ست بە زانستییە کـانی زمـان وە ک زمانناسـی، زمانناسـیی- کۆمە لایە تی، و بەرنامە ڕۆنانی زمانیی یان سیاسە تی زمانیی.* ئە و کـە م و کوورییە لە دە کارنە هێنانی چە مکە سە رە کییە کان و لە نـە بـوونی زانسـتیی تیۆری دا بە دی دە کرێ. بۆ وێنە، قاموسـە کوردییـە کـان ئـامرازێکی گرینگـی ستاندارد کردنن و لە پێشە کی ئەو بەرهەمانەدا باسی هێندێک کێشـە ی زمـانی کوردی و وشە کانی کراوە بە لام بە بێ دە کارهێنانی چە مکـی پێویسـت و بـە بێ ئاگادار بوون لە تیۆری. جاری وا هە یە ئە و پێ نە زانینە بە تیۆری خۆ لـە قە رە ی تراژیدی دە دا. بۆ نموونە، زۆربە ی ئە وانە ی لە چێکردنی ئـە لفـوبێ دا تێکۆشاون جیاوازییان دانە ناوە لە نێوان حە رف و دە نگ (فۆنیم)** و ئە و دوانە یان تێکە ڵ کردووە و لە ئاکام دا ڕێبازێکی وایان ڕەچـاو کـردووە کـە، بێ ئە وە ی مە بە ستییان بووبێ، لە پراتیک دا کۆسپیان خستووە تە سە ر ڕێی گە شە کردنی زمانە کە(لە بە شە کانی داهاتوو دا ئە و باسە زۆر تر شی دە کـە مە وە). جارێ لێرە دا، زۆر بە کورتی باسی چە ند چە مکێـک دە کـە م کـە لـە باسی زمانی ستانداردی کوردی دا دە کار هاتوون.

هیچ کام لە و چە مکانە (زمانی رە سمی، نە تە وە یی، ئە دە بی، یە کگرتــوو، و کلاسیک) مەعنا یهیچ کام لە و چە مکانە (زمانی رە سمی، نە تە وە یی، ئە دە بی، یە کگرتوو، و کلاسیک) مەعنا یان تــەعریفێکی ساکار وڕوون و یــەکجارەکییان نییە و لە هێندێک خاڵ دا هاوبە شن و لە هێندێک دا لێک جویَ دە بنە وە. ئە و رێکی و ناڕێکییە ش لە بە ر ئە وە یە کە، لە لایێکە وە زمان خۆی دیاردە یێکی تە واو ئاڵۆزە و لە قالب نادریَ، و لە لاییێکی دیکــە وە زانســتییە کــانی زمــانیش بۆچوونی جۆراوجۆرییان تێدایە. لە بواری تیۆریش دا، تێگە یشــتنی ئــە و چــە مکانە بە گوێرەی مە کتە بە زماننا‌سییە کان دە گۆڕدریَ.

زمانی ستاندارد لە بەرامبەر زمانی ناستاندارد (لــە هجــە) رادە وە ســتیَ. زمــانی ستاندارد زمانێکی نووسراو یان ئەدەبییەکە یە ک نۆڕمی هە یە بــۆ نووســین و خوێندنە وە و قسە کردن، و بە گوێرە ی ناوچە، چینی کۆمە ڵایە تی، پێکهاتە ی کۆمە ڵایە تی (عە شیرە تی، گوندنشینی، شارنشــینی...) یــان جینســێتی (ژن و پیاویی) ناگۆڕدریَ. ستاندارد بوون نیسبییە و هیچ زمانێکی زیندوو بە یەکجاری و بە تەواوی ستاندارد نابیَ. بۆ وێنە، لە کوردی دا سۆرانی و کرمانجی هە رکام تا رادە یێک ستاندارد بوون بە ڵام هە ورامی تا ئێستا ستاندارد نە بــووە و وە ک لە هجە یێکی ئە دە بی ناوچە یی مــاوە تــە وە و رە نگــە لــە بــارووەدۆخێکی مێژوویی دا ستاندارد بکریَ. هە روە ها، دملکی یان زازایی کە پێشینە ی ئــە دە بی لە سێ لە هجە کە ی دی کە متــرە، لــە ســاڵانی رابــردوو دا زۆر تــر دە کــار هاتووە. ئە گە ر دملکی بۆ ماوە یێکی زۆر بە لە هجە یێکــی کــوردی دادە نــدرا، ئێستا کۆڕێکی ناسیۆنالیستی زازایی پە یدا بوون کە بە زمانێکی سەربەخۆی لە قەڵەم دەدەن.

زمانی ستاندارد ده توانێ ره سمی بێ یان نه بێ. بۆ وێنه زمانی ئینگلیسـی لـه ئه مریکا به قانوون و به دەستوور ڕەسمی نەبووه که وابوو "ره سـمی بـوون"، "ستانداردبوون" و "ده وڵه تی بوون" یـه ک شـت نـین لـه گـه ڵ ئـه وه ش دا زمانی ره سمی زۆرتر به ده وڵه تی بوون ده بێته ره سمی. واهه یه زمانێک لـه وڵاتێک دا ره سمی بێ و له وڵاتێکی دی دا نا ره سمی و ته نانه ت نا قانوونی بێ. بۆ وێنه، ترکی ئازه ربایجانی له کۆماری ئازه ربایجان دا زمانی ره سمی و نه ته وه ییه به ڵام له ئێران دا زمانیکی سه رکوت کراوه. کوردی لـه عێـراق ره سمییه به ڵام له تورکییه ته نانه ت ناوی زمانه که ("کوردی" )له داووده زگای ده وڵه تی دا قه ده غه یه.

دیاره زمانی ستاندارد، وه ک زمانی نووسراو، ده بێ زمانێکی ئه ده بی بێ بـه ڵام هه ر زمانێکی ئه ده بی له وانه یه ستاندارد نه بـێ. پـه یـدا بـوونی ئـه ده بییات له زمانێک دا، نۆرمی دروستی و نادروستی داده مه زرینێ به ڵام ئه وه به ته نیایی زمانێک نا کا به ستاندارد. بۆ وێنه، هه ورامی و کرمانجی و سـۆرانی له هجه ی ئه ده بی بوون به ڵام هه ورامی ده رفه تی ستانداردبوونی نه بـووه. هه ر وه ها، فارسی و عه ڕه بی تا ئاخری سه ده ی نۆزده زمانی ئه ده بی هـه ره به رزی باکووری ئه فریقـا و ئاسـیای رۆژئـاوا و نـاوه نـدی بـوون بـه ڵام ستاندارد نه بوون. وا هه یه "زمانی ئه ده بی" له به رامبه ر زمانی قسـه کـردن داده ندرێ.

"زمانی نه ته وه یی" له به رامبه ر "زمانی ناوچه یی" داده ندریّ. به لاّم "نه تـه وه"، وه ک هه ر چه مکێکی دی، یەک مەعنای نییە و چەمکی "زمـانی نـه تـه وه یی" به لانی که مه وه به دوومەعنا ده کارهاتووه. بۆ وێنه، فارسی لـه ئێـران دا زمانی کام نه تـه وه یـه، نـه تـه وه ی فـارس یـان ئێرانـی؟ زمـانی نەتـەوەیی زۆرترستانداردە به لاّم ده توانیّ ستاندارد نه بیّ. بۆ وێنـه، سـه رۆک کۆمـاری سۆمالی له ١٩٧٢ بڕیاری دا که زمانی سۆمالی زمانی نه ته وه یی و ره سمی ئه و ولاّتـه یـه بـه لاّم ئـه و زمانـه هێشـتا تـه واو سـتاندارد نـه بـووه و بـه هەڵوەشانەوەی ده وڵه تی سۆمالیا و دامەزرانی حکوومەتی ناوچەیی زمانەکـەش لەت و کوت بووه.

"زمانی یه کگرتووو"ش مه عنای جۆراوجۆری هه یه. هه م یه کگرتوویی و هه م نایه کگرتـوویی دیـارده ی نیسـبیین. تـا ئێسـته لـه باسـی کـوردی دا، زۆرتـر مەبەست تێکه ڵ کردنی له هجه کان به تایبه تی سۆرانی و کرمانجی و داڕشتنی له هجه یێکـی تـه واو ده سـتکرد ("سـورمانجی) بـووه. زمـانی وا هەیـه تـەنیا ئەلفوبێیەکەی دەبیّ یه ک بگریّ و جاری وا هه یه (وه ک کوردی و ئالبانی) حه ول ده دریّ دوو له هجه ی سه ره کـی تێکـه لاّو بکـرێن. چـاوه ڕوان ده کـریّ "زمانی ستاندارد" زمانی هاوبه ش و یه کگرتوو بیّ بۆ ئەوەی تـەواوی نەتـەوه بتوانیّ به بیّ که ند و کۆسپی له هجه یی پێی بدویّ و پێی بنووسیّ به لاّم چـه مکی یه کگرتوویی چه مکێکی سیاسـییه. بـه شـێک لـه ناسیۆنالیسـته کـان یـه کگرتوویی له گه ڵ یه ک له هجه یی تێکه ڵ ده که ن و ده یانه ویّ، به پشت به ستن به ده سه لاّتی سیاسی، یەک ناوەند یان له هجه ی نـاوه نـدی بـۆ زمـانی فرەلەهجەیی کوردی دابتاشن.

پێش سه ده ی نۆزده، عه ره بی و فارسی و لاتین و چینی و چه ند زمـانی دی به شێوه یێکی زۆر به رین قاعیده به نـدی کرابـوون ئـەدەبییاتێکی ده وڵـه مـه ندییان پێک هێنابوو به ڵام ئه وانه وهک "زمانی ئه ده بیی کلاسیک" ناسـراون و خسڵه تی وایان هه یه که له زمانی ستاندارد جوێیان ده کاته وه (لـه بـه شـه کانی داهاتوودا ده گه ڕێمه وه سه ر ئه و باسه. ئاشکرایه هیچ کام له و زمانانه "نەتەوەیی" نەبوون و زۆرتر ناونەتەوەیی بوون و له مەڵبەندێکی یەکجار گـەورە دەکار هاتوون دەکارهاتوون و پێیان دەڵێن ("لینگوافراِنکا"). *** زۆر جـار بـه زمانی ستاندارد ده گوترێ "زمانی ستانداردی نه ته وه یی" بۆ ئه وه ی له ئه و جۆره زمانانه جویێ بکرێنه وه.

تا ئێسته، چه ند گۆشه یێکی تیۆریی، و سیاسیی و مێژوویيم باس کـردووه بـه ڵام بابه ته کان زۆر بەرینن و ئه و باسانه و زۆر بابه تی دی له بـه شـه کـانی داهاتوودا به له به رچاو گرتنی ئه زموونی زمانی کوردی درێژه پێ ده ده م.

---

* language policy ،language planning،sociolinguistics

** phoneme

فۆنیم واحیدێکی دە نگە کە جیاوازی مە عنایی پێکدێنێ، بۆ وێنە لـە کـوردی دا (لە هجە ی ستانداردی سۆرانی) ڵ و ل) دوو فۆنیمن لـە بـە ر ئـە وە ی کـە لـە جووتی وە ک کە ڵ و کە ل دا دە بنە هۆی جیاوازی مە عنایی بە ڵام لە هێندێک زمانی دی دا یە ک فۆنیمن چونکە مەعنا ناگۆڕن.

*** lingua franca

( بەشی چوار )

٤ - قۆناغی پێش ستانداردبوون: هەورامی، کرمانجی، و سۆرانی.

بۆ روون کردنە وە ی کێشە کانی زمانی ستانداردی کوردی پێویستە دوو قۆناغی پێش و پاش ستاندارد بوونی لە هجە ئە دە بییە کان -- هە ورامی، کرمانجی و سۆرانی -- بە راورد بکە ین و رە وتی ستاندارد بوونیان دیاری بکە ین.

سێ لە هجە کان پێش بڵاوبوونە وە ی ڕۆژنامە ی کوردستان لە ١٨٩٨ دا ستاندارد نە بوون. ستانداردبوون، وە ک پرۆسە یێک، نـە سـە رە تـایێکی دە قیقی هە یـە و نـە کۆتـایی دێ. بـە ڵام دە کـرێ بڵێـی ئـە و پرۆسـە یـە لـە

کرمانجی دا له ١٨٩٨ ده ستی پێکرد و دوای بیست ساڵان له سۆرانی (١٩١٨) دا وه ڕێ که وت و له هه ورامی دا هێشتا به دی ناکرێ.

تایبه تێتییه کانی ئه و له هجه ئه ده بییانه که تا راده یێکی زۆر له سۆرانی و کرمانجی ئه ورۆ دایان دەبڕێ ئه وانه ن:

یه که م: له هجه ئه ده بییه کان هۆنراوه یی بوون و په خشانیان نه بووه یان زۆر که م بووه.

دووهه م: ئه رکه کانیان به ر ته سک بوو (زۆر تر له ئه ده بییات دا ده کارده هاتن نه ک له زانسته جۆراوجۆره کان.(.

سێهه م: بنکه ی کۆمه ڵایه‌تی ئه‌و له هجانه زۆر ته سک بوو (داهێنه ری به رهه می نووسراو زۆرتر رۆحانێتی و ئاغاوه ت بوون؛ ژنا ن رێگه یان نه ده درا خوێنده وار بن و "جه ماوه ری خوێنه ره وه" پێک نه هاتبوو و نه یده توانی پێک بێ) و ئه وه ش به رهه می کۆ مه ڵگه ی ده ره به گی و عه شیره یی بوو.

چواره م: قاعیده رۆنان (کۆدیفیکه یشن) له فۆرمی زمان دا (له ئه لف و بێ و خاڵبه ندی و رێنووس را بگره هه تا وشه ڕۆنان و شێوازی نووسین و رێزمان) زۆر که م بوو و نووسەر تا راده یێک ئازادبوو به سەلیقەی خۆی بنووسێ.

پێنجه م: هه رکام له سێ له هجه کان چه ند بن له هجه یان هه بوو و هیچ کامیان له سه ر نۆرمێک ساغ نه ببوونه وه و هەرکەس بن- له هجه ی خۆی ده کار ده هێنا.

شه شه م: هه ر له هجه یێک له سنووری خۆیدا ده کار ده هات و ئاخێوه رانی له هجه ی دی فێری نه ده بوون و ده کاریان نه ده هێنا (هه ورامی تا راده یێک ببووو به زمانی ئه ده بی له هجه کانی دەوروبەری خۆی).

حه وته م : له گه ڵ ئه وه شدا زمانه کان (عه ره بی، کوردی، فارسی، ترکی...) له باری دەسه ڵاتەوه نا بەرابەربوون و ململانه ی زمانیی له ئارادابوو، "ئیده ئۆلۆژی زمانیی" یان "سیاسه تی زمانیی" زۆرتر بەلای لێک فێربوون و لێک وه رگرتن و خواستنه وه دا ده شکاوه. سێ سه ده له وه ی پێش ئه حمه دی خانی له بارودۆخی کۆمه ڵگه ی ده ره به گی دا، دژی ژێر چه پۆکه یی سیاسی و زمانی وه خۆکه وت و تێ کۆشا کوردی وه ک فارسی ببێته زمانێکی ئه ده بی به پێز و به هێز و فارسی وه ک مۆدێلی گه شانه وه ی کوردی داده نا.

ئه و خسڵه تانه له یه ک تر جیاواز نین و  وێکڕا پێک هاتوون و یه کتر داده ڕێژن و ده بڕنه وه و ده گرنه وه.  بۆ وێنه ته سک بوونی بنکه ی  کۆمه ڵایـه تی (ڕۆحانێتی  و ئه ریستۆکراسی ده ره به گی) ئه رکه کانی زمانی نووسراوی ته نگه به ر ده کرد (زۆرتر بۆ  ئه ده بی هۆنراوه یی ده کارده هـات)  و بـه ر ته نگ بوونی  ئه رکه کان ڕێگه ی نه ده دا  نووسین  به په خشـان  گـه شـه بکا  و ئه و دوو هۆیانه ش پێشیان له خه مڵینی  وشه و چەمک  ده گـرت. لـه گه ڵ ئه وه ش دا   ئه و خسڵه تانه  زمانی  ستاندارد و ناستاندارد لێک  جویٚ ده که نه وه،  پێویسته  له بیرمان بێ  که  په رژینی  نێوان  ئه و دووانه  زۆر پته و نییه.  دیاره زمانی  ستاندارد  چۆنێتێکی  نوێیه،  بـه ڵام  ئـه گـه ر هـه رکام  له و  خسڵه تانه  به  ته نیـایی  لـه بـه رچـاوبگرین  جیـاوازی  نێـوان ستاندارد و نا ستاندارد  وه ک  ته فاوه تی  چه ندێتی  به دی ده کریٚ  نه ک چۆنێتی.  بۆ وێنه  ئه گه ر سه د ساڵ له مه و پێش له هجـه  ئەدەبییـەکان  لـه سه ر نۆرمێک (بن- له هجه یێک) سـا غ نـه ببوونـه وه،  کرمـانجی و سـۆرانی ستانداردی  ئه وڕۆش هێشتا  ئه و کێشه یان پیٚ  چاره سه ر نه کراوه. ئه گه ر ئه و  په رژین نزمییه  له  ستاندارد بوونی  کوردی دا زۆر تر وه به رچاو ده که ویٚ  له به ر ئه وه یه که زمانه که هێشتا  له سـه ره تاکـانی ئـه و  پرۆسـه دایه.

ئه و خسڵه تانه  له زمانه ستاندارد نه کراوه کانی دیش دا به دی ده کرێن. به ڵام  ئه گه ر سیٚ  له هجه  ئه ده بییه کانی  کوردی  له گـه ڵ  عـه ره بـی و فارسی  پێش- ستاندارد دا  به راورد بکه ین،  ده رده که ویٚ  که  ته فاوه تـی

چه ندێتی له نێوان کوردی و فارسی (یان عه ره بی) دا زۆر به رچاوه. بۆ وێنه ئه رکه کانی فارسیی پێش- ستاندارد زۆر لـه کـوردی بـه ریـن تـر بوون. فارسی له کاتێک دا که ئه ده بیاتێکی هۆنراوه یی مـه زنـی پێـک هێنابوو، له زۆر بواری دی دا ده کارده هات، بۆ وێنه له ئیشی ئیـداره یـی (ده وڵه تیی)، پەروەردە ، ئایین، مێژوونووسی، فه لسه فه، ریازییات، ئه سـتێره ناسیی، پزشکی و زانستی جۆراوجۆری دی له زمان را بگـره هـه تـا کشـت وکاڵ و مۆسیقا. به پێچه وانه، کوردی پـێش ١٨٩٨، زۆرتـر لـه ئـه ده بـی هۆنراوه یی دا ده کار ده هات و بێجگه له ئه ده بییات ته نیا چـه نـد بـه رهه مێکی ئایینی و زمانی و یه ک به رهه می پزیشکی پـێ نووسـرابوو. سه ر باقی ئه و جیاوازییه زۆروزەبەنـدە، ده کـرێ بڵێـێن کـوردی و زمانـه کلاسیکه مه زنه کان (عه ره بی، فارسی، سوریانی...) تا ئـاخری سـه ده ی نۆزده ناستاندارد بوون.ئەو لێکدانەوەیە کێشییێکی تیۆریی و فه لسه فـه یـی دێنێته گۆڕێ: له ئه و خسڵه تانه ی زمانی پێش- ستاندارد کامیـان سـه ره کییه واته ئه وانی دی وه ڕێ ده خا و هان ده دا؟ ئه گه ر ئه و خسڵه تانـه به هه ڵکه وت په یدا نه بوون، بەرهەمی کام بارودۆخی مێژوویین؟

وه ڵامی ئه و پرسیارانه پێویستی به وردبوونه وه ی زۆرتر له خسڵه ته کانی زمانی پێش- ستاندارد هه یه. له چه ند به شی دا هاتوو دا، ئـه و حه وت تایبه تێتییانه ی زمانی پێش- ستاندارد لێک ده ده مه وه و دوای ته واوبوونی ئه و باسه پرۆسـه ی سـتاندارد بـوونی کرمـانجی و سـۆرانی و کێشه کانی بـه وردی دەگێرمـەوە. لـه بـه شـی پێـنج دا، کێشـه ی زاڵ بـوونی هۆنراوه به سه ر په خشان له لەهجه ئه ده بییه کان دا باس ده که م.

**درێژەی هەیە ...**

تێبینــی : ئــەم بابەتــە لــە لایــەن وێبنووســی ڕوانگــە - وێبنووســیکە بــۆ لێکاڵاکردنەوەی بابەتی زمانناسانە ، مێژووناسانە و

کۆمەڵناســـــــــانە لەمــــــــەڕ کــــــــورد و کوردســــــــتان www.ruwange.blogspot.com - بۆ ماڵپەڕی ئەمڕۆ نێردراوە.